لێی مەکڕەوە، وخێرەکەت وەرمەگرەوە، ئەگەرچیش بە درهەمێک پێت بدات؛ چونکە ئەو کەسەی خێرەکەی وەردەگرێتەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە ڕشاندنەوەکەی دەخواتەوە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەسپێکم بەخشی لە پێناو خوای گەورە (بۆ جیهاد کردن)، ئەو کەسەی ئەسپەکەی لە لا بوو؛ پشت گوێی خست (باش خزمەتی نەدەکرد)، بۆیە ویستم لێی بکڕمەوە، وگومان وابوو کە بە نرخێکی کەم پێمی دەفرۆشێتەوە، بۆیە پرسیارم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد (سەبارەت بەم مەسەلەیە)؟ ئەویش فەرموو: «لێی مەکڕەوە، وخێرەکەت (بەخشینەکەت) وەرمەگرەوە، ئەگەرچیش بە درهەمێک پێت بدات؛ چونکە ئەو کەسەی خێرەکەی (بەخشینەکەی) وەردەگرێتەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە ڕشاندنەوەکەی دەخواتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- یارمەتی پیاوێکی دا لە پێناو خوای گەورە، ئەسپێکی پێی بەخشی بۆئەوەی لە جیهادکردندا بەکاریبهێنێت، پیاوەکە کەمتەرخەم بوو لە گرنگیدان وخەرجکردن لەسەر ئەسپەکە هەتاوەکو لاواز بوو، ئیمامی عومەر ویستی لێی بکڕێتەوە وزانی نرخەکەی هەرزان دەبێت چونکە لاوازە وبێ توانا بووە، نەیکڕی هەتاوەکو ڕاوێژی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، چونکە گومانێکی هەبوو سەبارەت بە ئەم کارە لە نەفسی خۆیدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیکرد لەوەی بیکڕێت ئەگەر بە کەمترین نرخیش بێت، چونکە ئەمە شتێکە لە پێناو خوای گەورە بەخشیوویەتی ونابێت پاش بەخشینی نەفسی شوێنی بکەوێت وپێوەی پەیوەست بێت ئەگەر بە کەمترین شتیش بێت، ولەوەیە ئەوەی پێی بەخشراوە؛ پێی بفرۆشێتەوە ئەگەر بە کەمترین نرخیش بێت، وئەمە پەشیمان بوونەوەیە لە هەندێک لە خێر وبەخشینەکانت، چونکە ئەو بەخشینە بووە هۆی لێخۆشبوون لە تاوان وگوناهەکانت، بۆیە نابێت لەم بەخشینە پاشگەز بیتەوە، بۆیە دووبارە کڕینەوەی بە پەشیمان بوونەوە لە خێرکردن دادەنرێت ئەگەرچیش بە نرخێکی دیاریکراو دەیکڕێت، ئەوەی لە خێرەکەی پەشیمان دەبێتەوە یان دەیکڕێتەوە چواندی بە بەو کەسەی کە ڕشاندنەوەی خۆی دەخواتەوە؛ چونکە ئەمە کارێکی زۆر ناپەسەند و بۆئەوەی ئەم کارە لە پێش چاوی مسوڵمان ناشیرین بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6073